https://www.doi.org/10.31918/twejer.2032.5

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# ئیرادەی سیاسی وەکو پێداویستییەکی گرنگی پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی

## (دۆخی هەرێمی کوردستان- عێراق لە دوای ٢٠١٤ ەوە وەکو نموونە)

د. هێمن نامق جمیل

فاکەڵتیی یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن – زانکۆی سۆران

Hemn.jameel@soran.edu.iq

**پوختە**

ئەم تـوێژینەوەیە لە پەیوەنـدی نێـوان ئیـرادەی سیاسـی و پڕۆسـەی بەرەنگـاربوونەوەی گەنـدەڵی دەکـۆڵێتەوە و دۆخـی هەرێمـی کوردسـتان-عێـراق لە دوای ٢٠١٤ وەکـو کەیسـی تـوێژینەوە وەردەگـرێ. میتـۆدی شیکاریی سیاسی بۆ لێکۆڵینەوە بەکارهێندراوە و داتاکانی ناو توێژینەوە بە میتـۆدی جـۆرایەتی qualitative مامەڵەیـان لەگەڵ کـراوە. تـوێژەر بە دوای پرسیاری ناساندنی ئیرادەی سیاسـی و پێداویستییەکانی، پەیوەندی بە بەرەنگـاربوونەوەی گەنـدەڵی، لەگەڵ هەڵسـەنگاندنی دۆخـی هەرێمـی کوردسـتان دەگەڕێت. ئیـرادەی سیاسـی وەکـو پڕۆسـەیەکی بە کـۆمەڵی دەناسێنێ، کە ژمارەیەک دامەزراوەی فەرمی و نـاحکومی و سیاسی تێیدا بەشـدارن و لە گوتـار و کرداریـان ڕەنگـدەداتەوە. هەرچەنـدە لە هەرێمـی کوردستاندا دامەزراوەکان هەنگاویان ناوە بۆ پیشاندانی ئیرادەی سیاسی، و یاسـا و ڕێنمـایی بـۆ ئەم پرسـە دەرکـراون، دامەزراوەی نـوێ وەکـو دەستەی دەسپاکی دروستکراون، بەڵام هێشتا هەنگاوی کرداریی پێویست ماوە بنرێن.



**وشە کلیلییەکان**: ئیرادەی سیاسی، گەندەڵیی سیاسی، حوکمڕانی و کوردستان

## ئیــــرادەی سیاســــی وەکـــو پێداویســـتییەکی گرنگـــی پڕۆســــەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی

## (دۆخی هەرێمی کوردستان- عێراق لە دوای ٢٠١٤ ەوە وەکو نموونە)

### پێشەکی

چیتـر جێگـای مشـتومڕ نیـیە کە گەنـدەڵی بـۆتە کێشـەیەکی گەورە لە هەرێمـی کوردسـتان و بەرەنگـاربوونەوەی لەسـەر ئاسـتی دامەزراوەیـی بۆتە خواستێکی گشتی و هێزە سیاسییە حوکمڕان و ئۆپۆزیسیۆنەکانیش لەســـەر ئەو بەرەنگـــاربوونەوەیە هـــاوڕان، تەنـــانەت ئەگەر لە دیـــدی جیاوازیشـەوە سـەیری بکەن. بەڵام ئەم پڕۆسـەیە پێویسـتی بە کۆمەڵێـک پێشمەرج هەیە بۆ ئەوەی ئەنجامی بەرجەستەی دەربکەوێت. یەکێک لەو پێشـمەرجانەی بـۆ ئەو پڕۆسـەیە لە دەیـان تـوێژینەوەی جۆراوجـۆریش لەسـەر ئاسـتی وڵاتە جیاوازەکـانی دونیـادا باسـی لێـوە دەکـرێ، بـوونی ئیـرادەی سیاسـییە (Political Will) بـۆ بەرەنگـاربوونەوەی گەنـدەڵی و سـنووردانان بـۆی. پـێش ئەوەی باسـی ئیـرادەی سیاسـی بکەیـن، ئەم تـوێژینەوەیە ئەو پێناسـە گشـتییەی گەنـدەڵی وەکـو بنەمـا وەردەگـرێ کە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و سـەروەتی گشـتی بۆ بەرژەوەندی تـایبەت بە گەندەڵی دەناسـێنێ (بڕوانە: Bhargava, 2005; Munhoz, 2008; Jameel, 2017; Hamilton and Hammer, 2018، هەروەهـا بڕوانە (الفطافطة، ٢٠١٥). ئەمەش لە چوارچێوەی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتیی دەسپاکی لە هەرێمی کوردسـتان- عێراق ژمـارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١ کە ناوی دەستەکەشـی گۆڕی بۆ (دەسـتەی دەسـپاکیی هەرێمی کوردستان- عێراق)، لە مـاددەی (٢) دا تـاوانی گەنـدەڵی بە وردی لە چوارچێـوەی دەقەکـانی یاسـای سـزاکانی عێراقـی جێگـای کـراوەتەوە (پارلەمانی کوردستان، ٢٠١٤).

## ئیرادەی سیاسی چییە؟

ئیرادەی سیاسی وەکو یەکێک لە پێداویستییە هەرە بنەڕەتییەکانی پرۆسەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی ناسێندراوە. ئەم چەمکە لە هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی سیاسی و میدیایی و تەنانەت لەناو خەڵک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش بەردەوام بەکاردەهێندرێ بەبێ ئەوەی تێگەیشتنێکی قوڵ و زانستی بۆ بابەتەکە خرابێتەڕوو. لایەنگرانی حزبە حوکمڕان و ئۆپۆزیسیۆنەکان لەناو پارلەمان و لە دیبەیتە سیاسییەکان و گوتارەکانیان باس لە بوون و نەبوونی ئیرادەی سیاسیی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە کوردستان دەکەن. ئەم گفتوگۆیانە مێژوویەکی دووریان لە کوردستاندا نییە، چونکە لە دوای ٢٠٠٣ ەوە بەزەقی لەسەر ئاستی سیاسی و کێشمەکێشمی حزبیدا باس لە گەندەڵی کراوە. هەر کاتێکیش گەندەڵیی سیاسی دێتە بەر باس، یەکسەرە پرسی ئیرادەی سیاسی بۆ بەرەنگاربوونەوە دێتە ڕۆژەڤەوە. ئەو توێژینەوەیە لەو پرۆسەیە دەکۆڵێتەوە و لێکدانەوە بۆ لینکی نێوان ئیرادەی سیاسی و پرسەکانی گەشەی سیاسی و حوکمڕانی و چاکسازی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان بە تایبەت لە دوای ٢٠١٤وە دەکات.

## گرفت و پرسیاری توێژینەوە

گەندەڵی بەربەستێکی گەورەی بەردەم گەشەی ئابووری و سیاسییە لە هەموو دونیا (Heywood, 2015). کاتێک قسە دێتە سەر ئەو وڵاتانەی لە قۆناغی ڕێگوزەرن بۆ سەقامگیری و پتەوکردنی دامەزراوەکانی حوکمڕانییان و بەتایبەتتریش ئەوانەی لە ململانێ و شەڕی ناوخۆیی و بازنەی بەردەوامی توندوتیژی و نائۆقرەیی دەسوڕێنەوە، گەندەڵی دەبێتە دێوەزمەیەکی گەورە کە هەم بەشێکی گەورەی داهاتی

نیشتیمانی دەبات و هەمیش کاریگەریی نەرێی و خراپ لەسەر پەیوەندیی نێوان خەڵک و دامەزراوەکانی حوکمڕانی بەجێدەهێڵێ. ئەم کاریگەرییە نەرێنییە دەبێتە هۆی لاوازیی متمانەی سیاسی، ئەمەش کێشە بۆ ڕەوایەتی حوکمڕانی دروست دەکات. ئەدەبیاتی سیاسی و بەتایبەت ئەو توێژینەوانەی لەم بوارەدا بە زمانی ئینگلیزی لەسەر نموونە و دەوڵەتە جۆراوجۆرەکانی دونیادا کراون هێندە زۆرن پێویست ناکات ئێمە لێرە قسەی زیاتر لەسەر ئەو پەیوەندی و لێکەوتانە بکەین.

لە هەرێمی کوردستان ماوەیەک گەندەڵی چەمک و چەکێکی سیاسی بوو کە حزبەکان لە دژی یەکتری بەکاریاندەهێنا. دواتر کەوتە ناو گفتوگۆی جەماوەری و تەنانەت لە ناو پارلەمانی کوردستان و پڕۆژە چاکسازییەکانی حزبەکان بە دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانیش جێگای خۆی کردەوە (بڕوانە Jameel, 2017). واتە لە دەستەواژەیەکی ناو جەماوەر و سیاسەت و میدیا کە هەندێ جار وەکو جنێویش لە ئاستە کۆمەڵایەتییەکەی بۆ ناشرینکردنی هەندێ کەس و دەستەبژێر لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەک بەکاردەهێندرا، ئێستا بوو بە مەترسی و هەڕەشەیەکی دانپێدانراو کە ئەگەر بە شێوەیەکی دامەزراوەیی شەڕی لەگەڵ نەکرێ، زیانی گەورەتر بە ئابووری کوردستان و سەروەتی دەوڵەت و سەروەتی کۆمەڵایەتی Social Capital کە خۆی لە متمانەی نێوان خەڵک و دەسەڵات دەبینێتەوە، دەگەیەنێت.

کێشەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوەیە لە ئاستی ئەو ئامادەگییە سیاسی و دامەزراوەییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە کوردستان کە خۆی لە بوون یان نەبوونی ئیرادەیەکی سیاسیی

دامەزراوەیی بەهێز و بەردەوام دەبینێتەوە. بۆیە لە ڕێی ئەم پرسیارانەی خوارەوە ئەم پرسە تاوتوێ دەکرێت:

**یەکەم: ئیرادەی سیاسی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی مانای چییە و پێداویستییەکانی چین؟**

**دووەم: ئیرادە سیاسیی هەرێمی کوردستان لە چ ئاستێکە و چی پێویستە بکرێ تا ئەو ئامادەگییە کاریگەری و لێکەوتەی بەرجەستەی لەسەر پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی هەبێ؟**

## بایەخی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لە کۆمەڵێک لایەنەوە بایەخمەندە وەکو:

١. بابەتێک تاوتوێ دەکات کە چەند ساڵێکە لە ڕۆژەڤی سیاسی و میدیاییی کوردستان جێگای بایەخە کە پرسی ئیرادەی سیاسیی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییە. بەتایبەت لە ئێستادا کە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆتە یەکێک لە کارە لەپێشینەکانی بەرنامەی کاری وزاری. ئەم توێژینەوەیە ڕوانگەیەکی زانستی دەداتە بابەتی ئیرادەی سیاسی و پێداویستییەکانی لە ڕووی تیۆرییەوە تاوتوێ دەکات و هەڵسەنگاندن بۆ دۆخی هەرێمی کوردستان دەکات. ئەمە دەبێتە بەرچاوڕوونییەکی باش بۆ ئەوانەی کار بۆ چاکسازی دەکەن لە کوردستان.

٢. تا ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین، یەکەمجارە بە زمانی کوردی توێژینەوەیەکی زانستی لەبارەی ئەم پرسە دەنووسرێ، ئەمەش گرنگە بۆ ئەوەی بەرهەمێکی زانستی لە بواری زانستی سیاسەت و

حوکمڕانی بە زمانی دایک بخاتە بەر دەست خوێنەران و توێژەران و دروستکارانی بڕیار لە کوردستان. بەتایبەت لە پرسەکانی پەیوەست بە گەندەڵی و چاکسازی و پێداویستییەکانیان.

### ئامانجەکانی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی پەیوەندیی نێوان ئیرادەی سیاسی و پرۆسەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە کوردستان. ئامانجی بنەڕەتی خستنەڕووی ڕوانگەیەکی زانستییە بۆ ئەو بابەتە تا لە بری ئەوەی تەنیا وەکو کاڵایەکی سیاسی و میدیایی بۆ قازانجی سیاسی سەیر بکرێ، وەکو پرسێکی ئامادە و گرنگی ناو زانستی سیاسەت و حوکمڕانی لە دونیا و لە کوردستانیش ڕۆشن بێ. ئەم هەوڵە دەیەوێ ببێتە هاوکار بۆ ئەو توێژەر و حزب و سیاسی و دروستکارانەی بڕیار کە خەمی حوکمڕانیەتییەکی باشتر و چالاکتر بۆ کوردستان کۆیان دەکاتەوە.

### میتۆدی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاریی سیاسی بەکارهێنراوە و میتۆدی جۆرایەتی - Qualitative بۆ کۆکردنەوەی داتاکان پەیڕەوکراوە. سەرچاوەی داتاکانی بریتییە لە سەرچاوەی بنەڕەتی Primary sources وەکو بۆچوونی بەرپرسانی کوردستان، ڕاپۆرتی دامەزراوە پەیوەندیدارەکان و دەکیومێنتی فەرمی، لەگەڵ سەرچاوەی دووەمەکی Secondary sources وەکو کتێب، توێژینەوەی بڵاوکراوەی توێژەرانی دیکە و کەیسی وڵاتانی دیکە. ئەم توێژینەوەیە لە ڕوانگەی ستراتیژی سەرەوە بۆ خوارەوە top-down approach بۆ شەڕی گەندەڵی لێکۆڵینەوە دەکات. ئەم ستراتیژە کاتێک بەرجەستە دەبێت کە

دەســـــتەبژێرانی دەســــەڵاتداری وڵات دەســـــت بـــۆ پرســـــەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و هێنانەکایەوەی حوکمڕانیتییەکی چالاک و کـــارامە دەبەن و ئەوان خۆیـــان پێشـــڕەوایەتی ئەو پڕۆســـەیە دەکەن و خاوەنـــداریێتی لــێ دەکەن (بــڕوانە Bozzini, 2013). لێکـۆڵەری ئەم تــوێژینەوەیە لەو کەســانەیە کە بــاوەڕی وایە لە وڵاتــانی دوای شـــەڕ و ئەوانەی لە ئاڵۆزی و توندوتیژیی ناوخۆیی ئالاون، شـەڕی گەندەڵی دەبێ ســەرەتا پڕۆســەیەکی ســتوونی بێ و پــاش ئەوەی ئیرادەیەکــی سیاســیی باش بۆ دروستکردنی متمانە پیشاندرا، پڕۆسەکە دەکرێ بە شێوەیەکی ئاسۆییش بکەوێتە کار.

## هەیکەلی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا لە ڕووی تیۆرییەوە دەچینە سەر باسەکانی ئیرادەی سیاسی و گەندەڵی و پێداویستییەکانی. بەشی دووەم تایبەتە بە ئیرادەی سیاسی لە هەرێمی کوردســتان- عێـراق و دابەشـکراوەتە ســەر ســێ بـاس. لە باســی یەکەم پێویســتیی شــەڕی گەنــدەڵی تــاوتوێ کــراوە، دواتــر بــاس لەو هەنگــاوە دامەزراوەییانە کراوە کە لە کوردستان گیراونەتە بەر بۆ شەڕی گەندەڵی و لە کۆتــایی بــاس لەو بەربەســـتانە کــراوە کە دێــنە بەردەم ئیــرادەی سیاســیی بەرەنگــاربوونەوەی گەنــدەڵی و پێشــنیار بــۆ چــالاکتر کردنــی پڕۆســــەکە خـــراوەتەڕوو. لە کۆتاییشـــدا دەرەنجامەکـــانی تـــوێژینەوە خـــراونەتەڕوو لەگەڵ هەنـــدێ پێشـــنیار بـــۆ هاوکـــاریکردنی پڕۆســـەی چاکسازی لە کوردستان.

## بەشی یەکەم

## گەندەڵی و ئیرادەی سیاسیی بەرەنگاربوونەوەی، چەمک و پێداویستییەکان

بایەخ و تێگەیشتن لە ئیرادەی سیاسی ئەو کاتانە باشتر دەردەکەوێ کە ئێمە لە میدیا و لە لایەن کەسایەتییە سیاسییەکان و توێژەرانەوە گوێمان لێ دەبێ کە نەبوونی ئیرادەی سیاسی هۆکاری سەرنەکەوتنی هەڵمەتەکانی دژایەتیی گەندەڵییە. هەروەها ئەوە بەهۆی نەبوونی ئیرادەی سیاسییە ئابووری پێش ناکەوێ و ناتوانین ئامانجەکانمان بۆ پێشکەوتن بهێنینە دی (Kukutschka, 2014). ئەو توێژینەوانەی باس لە پێویستی بوونی ئیرادەی سیاسی دەکەن زۆرن. ئیرادەی سیاسی بە پێشمەرجی یەکەمی سەرکەوتنی ستراتیج و بەرنامەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دەژمێردرێ ( Council of Europe, 2013, p.6). ڕێکخراوی گەشە و هەماهەنگیی ئابووری ( OECD, 2012:p.10) بەو دەرەنجامە گەیشتووە کە تەنیا بە بوونی ئیرادەیەکی سیاسیی بەهێز شەڕی گەندەڵی دەچێتە پێشەوە. توێژینەوەکان ئەزموونی سەرکەوتووی شەڕی گەندەڵیی وڵاتانی وەکو سینگاپوور و هۆنگ کۆنگ، کە دوو نموونەی ناودارن لەم بوارەدا، بۆ بوونی ئیرادەیەکی پتەوی سیاسی بۆ شەڕی گەندەڵی گەڕێنراوەتەوە (UNDP, 2008: p.24). کاتێک گوێمان لەو دەرەنجامانە دەبێت، یەکەم پرسیار کە دێتە پێش و پێویست دەکات بپرسین ئەوەیە کە، ئیرادەی سیاسی چییە و پێداویستییەکانی چین؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، ئەم بەشە تایبەتە بە ناساندنی چەمکی ئیرادەی سیاسی و پێداویستییەکانی.

**یەکەم: ئیرادەی سیاسی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی چییە؟**

وەکو دەستەواژە، ئیرادەی سیاسی بە چەمکێکی ئاڵۆز ناسێندراوە. ئەمەش لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان شتێکی شاراوە نییە. لێکۆڵەران دەڵێن هۆکارگەلێک لە پشت ئاڵۆزیەتی ئەو چەمکە خۆیان حەشار داوە. لە بەراییدا ئیرادەی سیاسی بەستراوەتەوە بە نیاز و پاڵنەری خودی کە لە بنەڕەتدا بابەتی بەرجەستەنەکراون و پێوانەکردنیان کارێکی ئەستەمە. پێوانەکردن و تێگەیشتن لە نیازی مرۆڤ و پاڵنەرەکانی، بواری بەدحاڵی بوون و بە هەڵە لێکدانەوەی تێدایە (U4 Brief, 2010). بۆیە پێناسەیەکی یەکگرتوومان دەست نەکەوتووە بۆ ئەم بابەتە.

یەکێک لە پێناسەکان بۆ چەمکی ئیرادەی سیاسی کە خراوەتەڕوو بریتییە لە "پابەندێتی ئەکتەرەکان بە ئەنجامدانی هەندێ کردار لەپێناو بەدەستهێنانی ژمارەیەک ئامانج- بۆ نموونە لەپێناو کەمکردنەوەی گەندەڵی (U4 Brief, 2010). واتە پێویستە هەندێ کرداری بەرجەستە هەبن کە دەبنە هۆی نزیکبوونەوە لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی دانراوە، بۆ ئەوەی بگوترێ ئیرادەی سیاسی بوونی هەیە. توێژەرانی وەکو Lori Ann Post, Amber Raile, Eric Raile بەم جۆرە پێناسەی ئیرادەی سیاسی دەکەن "بریتییە لە پاڵپشتیی تەواوی بڕیاردەرە سەرەکییەکانی وڵات لە چارەسەر و سیاسەتێکی دیاریکراو بۆ کێشەیەکی تایبەت" (Quah, 2015, p.12). واتە پێویستە جۆرێک لە کۆدەنگیی نیشتیمانی لە نێوان ئەکتەرە بڕیاردەرە سەرەکییەکانی وڵات هەبێ کە هەمووان بە شێوەیەکی بەرجەستە پاڵپشتی لە سیاسەتێکی دیاریکراو بکەن بۆ ئەوەی کێشەیەکی دیاریکراو مامەڵەی لەگەڵ بکرێ. ئەم پێناسەیە گرنگە چونکە چوار پایەی سەرەکی بۆ ناسینەوە و دەستنیشانکردنی ئیرادەی سیاسی خستۆتەڕوو کە ئەمانەن: (١) پێویستە ژمارەیەک دروستکاری بڕیار

هەبن، (٢) تێگەیشتنێکی هاوبەشیان بۆ کێشەیەکی دیاریکراو لەناو ئەجێندای فەرمی دەوڵەتدا هەبێ، (٣) دڵگەرم بن لە پشتگیریکردنی ئەو پرۆسەیە، (٤) هەروەها سیاسەتێکی ڕوون و کاریگەریان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە هەبێ ( Quah, 2015, p.12). ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە دەستەواژەی (بڕیاردەرە سەرەکییەکانی وڵات) لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی دیکە دەگۆڕدرێن و بەتەواوی ناتوانرێ دەستنیشانی ئەوە بکرێ کە کێ لە هەر وڵاتێک بەر پێناسەی بڕیاردەرە سەرەکییەکان دەکەوێت. دەکرێ لە وڵاتێکی دامەزراوەییدا بەرپرسانی یەکەمی هەر سێ دەزگای یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری بە کەسانی بڕیاربەدەست بژمێردرێن، لە کاتێک لە وڵاتانی دیکەدا سەرۆکی حزبەکان، کەسانی خاوەن هەژموون و کاریگەریی کۆمەڵایەتی و ئاینی و مەزەبی دەکرێ وەکو بڕیاربەدەست بژمێردرێن. بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەکو عێراق وێڕای بوونی دامەزراوە سەرەکییەکانی دەوڵەت و بەرپرسەکانیان، خەڵک و سیاسییەکانیش چاویان بڕیووەتە وتەبێژی مەرجەعی گەورەی شیعەکان کە ئایەتوڵڵا عەلی سیستانییە تا لە ڕۆژی هەینیدا و لە خوتبەدا ڕای فەرمی لەسەر سیاسەتی گشتیی وڵات و ڕووداوە هەنووکەییەکان بخاتەڕوو تا دامەزراوەکانی دەوڵەت و بەرپرسەکانیان ڕەچاوی بکەن (بڕوانە المقدادي، ٢٠١٨) بەبێ ئەوەی ناوبراو هیچ پێگەیەکی یاسایی و دەستووری هەبێ. هەر دیسان لە کەیسی عێراقدا هەندێ لە بڕیارەکان لە دەرەوەی دامەزراوە دەوڵەتییە ناوخۆییەکان دێن و ئاراستەی ڕەفتارە سیاسییەکان دەکرێن. ڕۆڵی سەرکردەی پێشووی سوپای قودسی ئێرانی قاسم سولەیمانی لە حوکمڕانێتی عێراقی دوای ٢٠٠٣ (بڕوانە الشمري،٢٠١٨; Jedinia and Kajjo,2019) بە جۆرێک باڵا بوو کە دانانی سەرۆک وەزیران و دەستلەکارکێشانەوە یان نەکێشانەوەی بەبێ ڕەزامەندیی ناوهاتوو دروست نەدەبوو (بڕوانە Staff, 2019). ئەم هەڵسوکەوتانە لە کۆمەڵگەی عێراقی لە تیۆری دەستەبژێردا Elite

Theory ڕوونکـراوەتەوە کە چـۆن لە هەنـدێ کـۆمەڵگە کەمیـنەیەک لە خەڵک کە پێیان دەگوترێت دەستەبژێر دەتوانن ببنە دروستکاری بڕیارە سەرەکییەکان ( بڕوانە Duru, 2012).

لەناو پێناسەکانی دیکەدا، Sahr J. Kpundeh پێناسـەی ئیرادەی سیاسـی کــردووە کە "بــریتییە لە نیــازێکی ڕاســتگۆیانەی ئەکــتەرە سیاسـییەکان (جـا هەڵبژێـردراو بـن یـان دامەزرێنـراو، چـاودێر بـن لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، ئەندامی گروپەکانی فشار بن یان، هتد) کە پیشـانیدەدەن بۆ هێرشکردنە سـەر فاکتۆر و کاریگەرییەکانی گەندەڵی لە سـەر ئاسـتی دامودەزگـایی" (Quah, 2015, p.13). ئەم پێناسـەیەش دیســان کێشــەی لــێ دەکەوێــتەوە چــونکە لە ســەرەتاییترین ســەرنجدا دەتـوانرێ پرسـیاری ئەوە بکـرێ کە 'نیـازی ڕاسـتگۆیانە' بە چـی پێـوانە دەکرێ؟ ئایا ئەوەندە بەسە کە سیاسییەکان گوتار بدەن و خۆیان لە پێش چاوی میدیا دەربخەن بۆ ئەوەی بە خەڵک بڵێین ئیرادەی سیاسی و نیازی ڕاسـتگۆیانە بـۆ شـەڕی گەنـدەڵی هەیە؟ بـۆ وەڵامـی ئەم پرسـیارە، لە توێژینەوەیەکـدا کە لە U4 Brief, 2010 بڵاوکـراوەتەوە، هـاتووە کە ئیـرادەی سیاسـی دەکـرێ بە ڕێگـای وتـار، بەرنـامەی کـار، دەکیـومێنتی فەرمـــی و یاســـایی بخـــرێتەڕوو، بەڵام لە ڕاســـتیدا تەنیـــا بە کـــردار دەناسـرێتەوە. ئەمە هاوواتـا دێـتەوە لەگەڵ ئەو گـوتە ئینگلیـزییەی دەڵـی "actions speak louder than words" (Cambridge Dictionary, n.d) واتە ئەو ڕەفتـارانەی مرۆڤ دەیکات زیـاتر گوزارشـت لە نیاز و بیرکردنەوەی دەکات لەو وشانەی دەریدەبڕێت. کەواتە کردار و بەرئەنجـامی بەرجەسـتە زیـاتر گـرنگن بـۆ پیشـاندانی ئیـرادەی سیاسـی لە گوتار و بەرنامەی بریقەدار ئەگەر لە کرداردا بەرجەستە نەبن.

توێژینەوەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە ئیرادەی سیاسیی بەرجەستە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی خۆی لە ژمارەیەک ڕێوشوێن و هەنگاو دەبینێتەوە کە دامەزراوەکانی بڕیار دەیگرنەبەر. بۆ نموونە گرنگە کە دامەزراوەکانی یاسادانان ئازایەتی و ئامادەیی دەرچواندنی ژمارەیەک یاسای پێویستیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی هەبێ و بتوانرێ دامەزراوەی پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دابمەزرێن و کارا بن (Bozzini, 2013, p.4). هەروەها گرنگە کە بوێری هەبێ بۆ هەمواركردنی ئەو یاسایانەی پێویستییان بە پێداچوونەوە هەیە، دەستكاریكردنی پەیكەری حكومەت، جێبەجێكردنی سیاسەتی چاوپۆشی نەکردن لە گەندەڵی و دابینکردنی داهاتی پێویست بۆ لێکۆڵینەوە و ڕاوەدوونانی گەندەڵی (UNDP, 2008: p.50). کەواتە ئیرادەی سیاسی دەرەنجامی کاری پێکەوەیی کۆمەڵێک دامەزراوەی گرنگی دەوڵەتە. بۆ نموونە پارلەمان پێویستە بە جۆرێک کارا بێ بتوانێ یاسای نوێ دەربکات، یاسا کۆنەکان هەموار و چاک بکاتەوە، دامەزراوەی پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دابمەزرێنێ و بودجەی پێویست بۆ ئەو پرۆسەیە دابینبکات. ئەمانە لە کارە گرنگەکانی پارلەمانن بەڵام تەنیا ئیرادەیەکی سیاسیی کارا ئەو زەمینەیە دەڕەخسێنێ تا پارلەمان بتوانێ ئەو کارانەی خۆی ئەنجام بدات.

هەروەها کاری حکومەتە کە سیاسەتی چاوپۆشی نەکردن Zero Tolerance بگرێتە بەر بۆ ئەوەی کەس لە دەرەوەی لێپرسینەوە نەبێ. هەڵبەت ئەم سیاسەتی زیرۆ تۆلیرانسە لە ئەوروپا بە چڕی جێبەجێ دەکرێ و بانکی وەبەرهێنانی ئەوروپی European Investment Bank EIB بە یەکێک لە پرەنسیپە سەرەکییەکانی خۆی داناوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەوڵەتانی ئەوروپا ( EIB, 2018). گرتنەبەری ئەو سیاسەتە چەندین وڵاتانی دونیای لە پەتای گەندەڵی پاراستووە. بۆ نموونە

نەرویــژ یەکــێکە لەو تاقــانە وڵاتە بەرهەمهێــنەرانەی نەوت کە بەهــۆی پیــادەکردنی ئەو پرەنســیپە لە پەتــای نەفرەتــی ســامانە سروشــتییەکان – Natural resources curse ڕزگــاری بــووە ( Eriksen and Soreide, 2016). توێژینەوەکــان گەیشــتونەتە ئەو دەرەنجــامەی کە یەکێـک لە نهێنییەکـانی سـەرکەوتنی شـەڕی گەنـدەڵی لە هەردوو وڵاتـی هۆنـگ کۆنـگ و سـینگاپوور دەگەڕێـتەوە بـۆ پیـادەکردنی ئەو سیاسـەتە بەسەر هەمووان (بڕوانە Leung, 2018؛ Liam, 2013).

کەواتە، ئیرادەی سیاسی بریتییە لە ئامادەیی دەسەڵاتدارە گەورەکانی وڵات لە دەزگاکـانی یاسـادانان، جێبەجێکـردن و دادوەری بـۆ گـرتنەبەری ڕێوشـوێنی یەکلاکەرەوە لە دژی تـاوانی گەنـدەڵی جـا هەر کـێ بیکـات و قەبـارەکەی هەرچەنـد بـێ. بـۆ ئەمەش ئەو دەسـەڵاتدارانە ئامـادەن و بە کردار بەرجەستەی دەکەن و سەرچاوەی مرۆیی و دارایی و دامەزراوەیی پێویســت بــۆ ئەو پڕۆســەیە دەخەنەبەردەســت و لە بــری ترســان لە لێکەوتەکــــانی گەنــــدەڵی، هەوڵ دەدەن بەرەنگـــاری ئەو بەربەســـت و کـارداناەوانە ببـنەوە کە تۆڕەکـانی گەنـدەڵی بـۆ پڕۆسـەی شـەڕ لەگەڵ گەندەڵی و چاکسازی پیشانیدەدەن.

**بەشی دووەم**

## ئیرادەی سیاسیی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان-عێراق

لە هەرێمــی کوردســتان چیتــر بەرەنگــاربوونەوەی گەنــدەڵی تەنیــا چەکێکی سیاسـی نییە کە ژمـارەیەک هێـز و حـزب، ڕێکخـراوی کۆمەڵگەی مەدەنــی و نوســەران بــۆ هێرشــکردنە ســەر هێــزە دەســەڵاتدارەکان و دەسـتەبژێری حـوکمڕان بەکـاریبهێنن. بەڵکـو بەرەنگـاربوونەوەی گەنـدەڵی

چەند ساڵێکە بۆتە خواستێکی جەماوەریی بەرفراوان و بەشێکیش لە تێگەیشتنی دەسەڵاتدار و هێزە جۆراوجۆرەکانی ناو گۆڕەپانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان- عێراق. بە تایبەت دوای بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٤ ەوە لە لایەن حکومەتی فیدراڵی و لێکەوتەکانی شەڕی داعش کە هەرێمی کوردستانی ڕووبەڕووی قەیرانێکی دارایی قورس کردەوە، کە حکومەت و دەستەبژێر و هێزە سیاسییەکانی ناچار بە بیرکردنەوە و هەڵوەستەکردن کرد. ئەم بەشە هەڵوەستە لەسەر ئەو دۆخە نوێیە دەکات و بە دوای ئەو پێویستییانەدا دەگەڕێ کە زەمینەیەکی نوێ بۆ گەشە و فراوانبوونی ئیرادەی سیاسیی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان دێنێتە کایەوە. هەروەها دواتر باس لەو بەربەستانەش دەکات کە ڕێگری دەکەن لە بەردەم ئەو پرۆسەیە.

**یەکەم: پێویستیی شەڕی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان**

گەندەڵی یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە کۆمەڵێک کێشەی ئیداری و دامەزراوەیی و دارایی قوڵی ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان کردۆتەوە. بەهۆی دەستێوەردانی حزبی لە دامەزراندنی خەڵک بۆ کەرتی گشتی لە دوای ٢٠٠٣ەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ خاوەنی ژمارەیەکی یەکجار زۆر موچەخۆر و کارمەندی کەرتی گشتییە (بڕوانە Jameel, 2017). ڕاستە لە ئەنجامی گەشەی دامەزراوەکانی حوکمڕانی لە دوای ١٩٩٢ەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بەوە هەبووە فەرمانبەری پێویست بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی هەبێ، بەڵام ژمارەکە بە گوێرەی تەنانەت دانپێدانانی بەرپرسانی حکومەتیش لەوە زیاترە کە پێویستە. بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایانگەیاندووە کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٢ ژمارەی ئەو کەسانەی موچەیان لە حکومەت وەرگرتووە گەیشتۆتە ١٣٠،٠٠٠ کەس لە کاتێکدا ئەو ژمارەیە لە کۆتایی

٢٠١٥ دە بەرانـــبەر بەرزبـــووەتەوە بـــۆ ١،٣٤٤،٠٠٠ ( Jameel, 2018,p.372).

زۆری ژمارەی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئەدای دامەزراوەکان هەبووە و هەروەها هانی خەڵکی دیکەشی داوە کە هەمـــوو ڕێگـــایەک بگـــرنە بەر تـــا لەو کەرتە کاریـــان دەســـت بـــکەوێ (Ala'Aldeen, 2013 ). کلتـووری ڕازیکردنـی خەڵـک و بەکارهێنـانی دامەزراوەکـانی حکـومەت و دەرفەتەکـانی دامەزرانـدن بـۆ ئەوەی وەکـو پاداشتی سیاسی بدرێتە خەڵک، دۆخێکی هێناوەتەکایەوە کە قەبارەیەکی گەورە لە بودجەی گشتی بۆ موچەی مانگانە بڕوات کە بە گوێرەی دوایین داتـا نـزیکەی ٨٨٦ ملیـار دینـاری عێراقـی مانگـانە دەدرێـتە مـوچە (حەمە سـاڵح، ٢٠١٩). بێگومـان ئەو فشـارە دارایـیە گەورەیەی لەسـەر بـودجەی ساڵانەی حکومەتە و بۆ موچە دەڕوات، دەکرا لە کەرتەکانی دیکەی وەکو پەروەردە و تەندروستی بخرێتە گەڕ و کوالیتی خزمەتگوزاریی گشتی پێ بەرز بکرێتەوە (Jameel, 2018b).

بەهـــۆی ئەوەی ژمـــارەی کارمەنـــدانی حکـــومەت لە پێویســـتیی دامەزراوەکـان زۆر زیـاترە، دەرفەتـی ئەوە هەیە کە ژمـارەیەک کارمەنـد دەوامیش نەکەن و مانگانە مـوچەیەکی خۆڕایی وەربگرن کە لەناو خەڵک بە فەرمـانبەری بنـدیوار ناسـراون (Jameel, 2018a). ئەم دیـاردانە کەڵەکەبوون و کـاریگەریی خراپیان لەسـەر متمـانەی خەڵـک بە چـالاکی و خزمەتگوزارییەکانی کەرتی گشـتی لە کوردسـتان بەجێهێشـت و تێڕوانینـی خەڵکیان بۆ پرسـەکانی گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی هێنـایە پێشـەوە. لە ڕاپرسـییە مەیـدانییەکانی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکـان بەرەنگـاربوونەوەی گەنـدەڵی بە بەردەوامـی یەکێکبـووە لە خواسـتە لە پێشـینەکانی خەڵکـی کوردستان و عێراق (بڕوانە NDI, 2018). لەگەڵ ئەمانەشدا کاردانەوە و

وەڵامــی دامەزراوە پەیوەندیــدارە حکومییەکــان بــۆ پرســی گەنــدەڵی سنووردار بوو بە جۆرێک کە بەلای بەشێکی باشی خەڵک دامەزراوەکانی حکـومەت ئیـرادەی بـاس و گفتوگـۆ و بەرەنگـاربوونەوەی گەنـدەڵییان بە شێوەیەکی ستراتیجی نییە تەنیا ئەو کاتانە نەبێ کە دەکەوێنە ژێر فشـاری خەڵک (سبەی، 2011).

تـا خۆپیشـاندانەکانی شـوباتی 2011 لە شـاری سـلێمانی، دۆخێک لە کوردسـتان لەئـارادابوو کە گەنـدەڵی تەنیـا چەکێـک بـوو لە دژی هەردوو حزبـی دەســەڵاتدار (پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و یەکێتـی نیشـتیمانی کوردسـتان) لەلایەن نەیارەکانیـانەوە بەکاردەهێنـدرا. دوای ئەو ڕووداوانە ســەرۆکایەتیی هەرێــم وەکــو بەرزتــرین دامەزراوەی جێبەجێکــردن لە کوردستان و پارلەمانی کوردستان دانیان بە بوونی گەندەڵی و پێویسـتیی بەرەنگـاربوونەوەی نـا (ســەرۆکایەتیی هەرێمــی کوردســتان، 2011). بە تــایبەت کە مەترســیی ئەوە هاتەکــایەوە کە هاوڵاتییــانی کوردســتان، هاوشێوەی وڵاتانی عەرەبی ناوچەکە کە لەناو پرۆسـەی بەهـاری عەرەبی خەریکـی بەرەنگـاربوونەوەی ڕژێـمە سیاسـییەکانی وڵاتەکانیـان بـوون، متمــانە بە دامەزراوە نیشــتمانییەکانی خۆیــان لەدەســتبدەن و لە دژی ئەزموونی خۆماڵیی خۆیان ڕابپەڕن (سبەی، 2011 ).

دامەزراوەکـانی هەرێمـی کوردسـتان لە سـاڵی ۲۰۱۱ ەوە هەنگاویـان، ئەگەر هێواش و هەندێ جار بە پچڕپچڕیش بووبێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەنـدەڵی، بە شـێوەیەکی دامەزراوەیـی دەسـتی پێکـردووە. ڕەنـگە بە لای هەندێ تـوێژەر گەندەڵی بـووبێتە دیـاردەیەکی کۆمەڵایەتی و کلتـووری لە کوردستان و شەڕکردن لەگەڵی وەکو کـارێکی ئەسـتەمی لێ هـاتبێ، بەڵام ئەوە نەبــۆتە قەنــاعەت لەلایەن حکــومەت و دامەزراوە فەرمییەکــانی کوردستان کە شەڕی گەندەڵی نەکەن.

**دووەم: هەنگاوە دامەزراوەییەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی**

ئیرادەی سیاسیی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی وەکو لە سەرەوە باسکرا پەیوەستە بە پیشاندانی کردار و هەڵسوکەوتی بەرجەستەوە نەک تەنیا دروشم و بەرنامەی کار. ئاماژەش بەوە کرا کە ئیرادەی سیاسی پرۆسەیەکی گشتگیرە و بەرەنجامی کاری دامەزراوەیی پێکەوەییە لە نێوان دامەزراوە گرنگەکانی دروستکردنی بڕیار. لە ساڵی ٢٠١١ پارلەمانی کوردستان وەکو هەنگاوێکی گرنگ یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١، کە یاسای دەستەی گشتیی دەسپاکی لە هەرێمی کوردستان- عێراق بوو، دەرچواند. هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ئەو یاسایە لە ساڵی ٢٠١٣ دەستیپێکرد بە هەڵبژاردنی یەکەم سەرۆکی دەستە لە نیسانی ٢٠١٣ و دواتر پرۆسەکانی دیکەی وەکو دامەزراندنی بەڕێوەبەرە گشتییەکان و هەوڵەکان بۆ دابیکردنی کارمەند و لێکۆڵەرە دادییەکان کەوتنە دوای هەڵبژاردنەکانی خولی چوارەمی پارلەمانی کوردستان و کابینەی نوێی حکومەت (بڕوانە دەستەی دەسپاکی، ٢٠١٤).

دامەزراندنی دەستەیەکی تایبەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بە هەنگاوێکی گرنگی کرداری پیشاندانی ئیرادەی سیاسی هەژمار دەکرێت. دەستەی دەسپاکی لە دۆخێکی دارایی و سیاسی و ئاسایشی هەستیاردا دەستی بەکارکرد. لە ٢٠١٤ ەوە تا ٢٠١٨ هەرێمی کوردستان بە دۆخێکی هەستیاردا تێپەڕ بوو کە پێشتریێتی (پرایۆریێتی Priority) بووە پاراستنی کوردستان لە هێرشەکانی داعش و زۆرترین خەرجی خرایە خزمەت ئەو پرۆسەیە. لەگەڵ ئەوەش هەرێمی کوردستان خەمی سەرەکیتری بریتیبوو لە دابینکردنی موچە (ئەگەر کەمیش بێ) بۆ کارمەندەکانی بە تایبەت کە بودجەی ساڵانەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی فیدراڵیی عێراقەوە بڕدرا. لە دۆخی ئاوا ئاڵۆزدا هەڵوەستەی دامەزراوەکانی دەوڵەت

و پێشترێتی دەگۆڕدرێن. لەگەڵ ئەوەش، کە سەیری ڕاپۆرتەکانی ساڵانەی دەستەی دەسپاکی لە نێوان ساڵانی ٢٠١٤ تا ٢٠١٨ دەکەین، سەرنج دەدەین کە ئەو دەستەیە هەوڵی زۆری بۆ بەکارخستنی دەزگاکەیان و دروستکردنی پەیوەندیی گرنگ لەگەڵ دامەزراوە ناوخۆییە کوردستانییەکان و کۆمەڵێک دەزگای گرنگی هەرێمی و نێودەوڵەتی داوە بۆ ئەوەی توانای دامەزراوەیی و پیشەیی کارمەندەکانی بەرزبکاتەوە و هاوپەیمانێتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی فراوان بکەن. دەستەی دەسپاکی لە ڕاپۆرتەکانی ساڵانەیدا کەیسی جۆراوجۆری گەندەڵی وەکو فەرمانبەرە موعەوەمەکان، خانەنشینی پلەباڵای نایاسایی و پێشنیاری درێژ و ورد بۆ شەڕی گەندەڵی ئاماژە پێکردووە و بە نوسراوی تایبەت بۆ سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتیی حکومەت بەرزی کردوونەتەوە (دەستەی دەسپاکی، ٢٠١٦).

ئیرادەی سیاسیی دامەزراوەکانی حوکمڕانی کوردستان لەم قۆناغەدا باشتر خۆی پیشاندەدات. حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دەنگ بانگەوازەکانی دەستەی دەسپاکی دێت و بە بڕیاری ژمارە (٩٦) لە ٢٠١٦/١٠/٢٦و لەسەر پێشنیاری دەستەی دەسپاکی، لیژنەیەکی باڵا بۆ مەبەستی گەڵاڵەکردنی کۆتایی (ڕەشنووسی ستراتیژیی پێنج ساڵەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان ٢٠١٦-٢٠٢١) پێکدەهێنێ (دەستەی دەسپاکی، ٢٠١٦، ل٢١). ئەمە وەڵامدانەوە و هەنگاوێکی پراکتیکی گرنگی پیشاندانی ئیرادەی سیاسییە بە تایبەت کە پێشتر دەستەی ناوبراو نوسراوی ژمارە (١٧٩/١)ی بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرواری ٢٠١٥/١٢/٢٠ ناردووە (کە ٣ لاپەڕەیە) و لە بەراییەکەیدا سەرۆکی حکومەتی خستۆتە بەردەم بەرپرسیارێتی گرنگی قۆناغەکە بۆ هەنگاونانی کرداریی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی (دەستەی دەسپاکی، ٢٠١٦، ل. ١١).

یەکێکی دیکە لە هەنگاوەکانی دروستکردنی زەمینەیەکی دژە گەندەڵ، بریتیبووە لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی لە ئەرک و مافەکانیان بۆ ئەوەی ئاشنا بن بەو چوارچێوەیەی کە یاسا بەرکارەکان بۆ کاری فەرمانبەرێتی بۆی دەستنیشانکردوون. لەو سۆنگەیەوە لە ساڵی ٢٠١٦ دەستەی دەسپاکی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٦ بە ناوی ڕێنمایی ڕەفتاری پیشەیی بۆ فەرمانبەرانی کەرتی گشتی لە هەرێمی کوردستان دەردەچوێنێ. ئەم ڕێنماییە لە ٣٩ مادده پێکهاتووە و بە شێوەیەکی هاوچەرخ ئەرکەکانی فەرمانبەرێتیی گشتی و مافەکانی لە چوارچێوەی یاسا ڕوون کردووەتەوە و بە وردی ئەو کەلێن و دۆخانەی دەستنیشانکردووە کە پێویستە فەرمانبەری کەرتی گشتی خۆی لێ بپارێزێ نەبادە زەمینە بۆ گەندەڵی دروست ببێ (وەقائیعی کوردستان، ٢٠١٦). هەرچەندە دەستەی دەستپاکی لە ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠١٨ەیدا باس لەوە دەکات کە ژمارەیەکی زۆر لەو ڕێنماییانە چاپکراون و هەندێ خولی ڕاهێنان ئەنجامدراون (بڕوانە دەستەی دەسپاکی، ٢٠١٨، ل.١٢) بەڵام بە لێکۆڵینەوە و پرسیاری تویژەر لە ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەرانی دامەزراوە جیاوازەکانی کوردستان ئەوە دەردەکەوێ کە هۆشیاریی پیشەیی یەکجار لاوازە. ئەو ڕێنماییە ئەگەر بە شێوەیەکی فراوان و پلاندار بخرێتە خزمەت بەرزکردنەوەی هۆشیاریی پیشەییی فەرمانبەران و لە سەر ئاستی هەموو دامەزراوەکان بخوێندرێتەوە و وەکو دەستووری پیشەییی فەرمانبەران کاری پێ بکرێ، بێگومان کاریگەریی گەورەی بەسەر خۆپارێزیی فەرمانبەران لە گەندەڵی دەبێ.

یەکێکی دیکە لە هەنگاوەکانی ئەو قۆناغە کە بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بە شێوەی دامەزراوەیی گیراوەتەبەر، ئامادەکردن و ڕاگەیاندنی ستراتیژیی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵییە لە هەرێمی کوردستان (٢٠١٧-٢٠٢١). ئەو ستراتیژە بە سەرپەرشتی

دەستەی دەسپاکیی کوردستان و هەماهەنگیی دامەزراوە حکومی و نا حکومییەکانی کوردستان و بە پاڵپشتی دامەزراوەی وێستمینستەری بەریتانی بۆ دیموکراسی Westminster Foundation for Democracy (WFD) ئامادەکراوە و سەرۆکی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بڕیاری ژمارە ١٠٨ لە ساڵی ٢٠١٧ دەریکردووە (وەقائیعی کوردستان، ٢٠١٧). دامەزراوەی WFD ڕاپۆرتە هەواڵێکی لەبارەی ئەو ستراتیژەی کوردستان نوسیووە و بە یەکێک لە پێشکەوتووترین نموونەکان لە ناوچەکە و یەکەم کاری لەو شێوەیە لە هەرێمی کوردستانی ناساندووە کە بە جێبەجێکردنی دەبێتە هۆی بوژاندنەوەی متمانەی خەڵک بە حکومەت (WFD, 2017).

بۆ جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژە، سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە ٢٦ لە ٢٠١٧/٥/٢ فەرمانی پێکهێنانی لیژنەی باڵای هەماهەنگیی جێبەجێکردنی ستراتیژیی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان دەرکرد کە بە گوێرەی فەرمانەکە لیژنە باڵاکە پێکهاتووە لە (سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمی کوردستان، سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی، سەرۆکی دەستەی دەسپاکی، وەزیری پلاندانان، سەرۆکی داواکاری گشتی، سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران) (بڕوانە، وەقائیعی کوردستان، ٢٠١٧ب، ل.٢٥). ئەم فەرمانە گرنگە، چونکە بەرپرسانی باڵادەستی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دادوەری و بەرپرسانی یەکەمی دەزگاکانی چاودێری لەم لیژنە باڵایە کۆکردۆتەوە. هەروەها سکرتاریەتیی لیژنەکە و بەرنامەکانی داوەتە دەستەی دەسپاکی. لە دوایین ڕاپۆرتی ساڵانەیدا، دەستەی دەسپاکی دەڵێ (لە ساڵی ڕابردوو زۆر هەوڵماندا ئەو لیژنە باڵایە

کۆببێتەوە بۆ ئەوەی بە فەرمی دەست بە کارەکانی بکات بەڵام بە داخەوە ئەوە نەکرا لە بەر ئەوەش جێبەجێکردنی ستراتیژیەکە دواکەوت بۆ ساڵی ٢٠١٩، هیواداریین لە حکومەتی تازە کاری لەسەر بکرێت) (دەستەی دەسپاکی، ٢٠١٨، ل٩). بەم جۆرە ئەو پرۆژەیە ماوەتەوە بۆ کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی دووبارە پێداچوونەوەی بۆ بکات و لەگەڵ دۆخی نوێ بیگونجێنێ بە تایبەت کە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بۆتە یەکێک لە پێشینەکانی ئەم کابینەیە بەگوێرەی بەرنامە ڕاگەیاندراوەکەی (حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠١٩).

## سێیەم: بەربەستەکانی بەردەم ئیرادەی سیاسیی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان

لە ڕووی تیۆرییەوە هەرێمی کوردستان لە دوای ٢٠٠٣ هەنگاوی باشی بە ئاراستەی هێنانەکایەوەی ئیرادەی سیاسی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی پیشانداوە. ئەوەی ماوەتەوە و بەشێکی گرنگی پرۆسەکەیە، ئەوەیە کە ئەو پرسانە لە کرداردا ڕەنگبدەنەوە. ئەوەی پەیوەستە بەو کاتەی ئەم توێژینەوەیە خۆی بۆ تەرخان کردووە، وەکو باسکرا تەنانەت ستراتیژیی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی نووسرایەوە و لیژنەی باڵای بۆ پێکهێندرا، بەڵام هێشتا کۆمەڵێک بەربەستی گەورە لە بەردەم ئەو پرۆسەیەدا هەن کە لە خوارەوە باسیان دەکەین:

### نەبوونی هاوپەیمانێتیی دژەگەندەڵی

بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی زیان لە بەرژەوەندیی دارایی و سیاسیی هەندێ خەڵک و گرووپ و حزبی سیاسی دەدات. بۆیە چاوەڕوانکراوە ئەو پرۆسەیە نەیاری زۆر بێ و هەوڵەکان بە ڕێگای جۆراوجۆر بۆ پەکخستنی هەموو جوڵە و بەرنامەیەک بدرێن. لەم ڕوانگەیەوە، لەسەر

ئاستی نیشتیمانی هاوپەیمانێتی بۆ پاڵپشتیکردن لەو پرۆسەیە گرنگە. ئەم هاوپەیمانێتییە دەتوانێ ڕۆڵی کارا بگێڕێ لە جێبەجێکردنی ستراتیژیی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، چونکە کۆمەک و پاڵپشتیی سیاسی و دامەزراوەیی دەزگا حکومی و ناحکومییەکان بۆ پرۆسەکە ئامادەدەکات. هاوپەیمانێتیی نیشتیمانیی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دەکرێ بە سەرپەرشتی دەستەی دەسپاکی پێکبهێندرێ و دامەزراوە فەرمی و سیاسی و کۆمەڵی مەدەنی و کەرتی تایبەتیش ببنە بەشێک لەو هاوپەیمانێتییە. ئەو هاوپەیمانێتییە گەندەڵی وەکو هەڕەشە لەسەر وڵات و داهات و ئایندەی پرۆسەی سیاسی ببینێ نەک وەکو کارتی سیاسی لە دژی هەندێک و بۆ بەرژەوەندیی خەڵکێکی دیکە. دامەزراوە هاوبەشەکانی ناو ئەو هاوپەیمانێتییە بە گوێرەی یاسا و لە چوارچێوەی ئەرکەکانی خۆیان ڕۆڵیان پێ دەدرێ کە لەگەڵ ستراتیژیی نیشتیمانیی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی یەکبگرێتەوە.

## پارێزبەندیی زۆر و نەبوونی سیاسەتی لێخۆش نەبوون Zero Tolerance Policy

لە هەرێمی کوردستاندا پارێزبەندیی یاسایی و سیاسی لە ماوەی ڕابردوو بەربەرستی زۆری بۆ پرۆسەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دروستکردووە. هەندێ لە دامەزراوەکان بە یاسا پارێزبەندی لە ئەندامەکانی خۆیان دەکەن و نایاندەنە دادگا و هەندێکیش بە پارێزبەندیی سیاسی و ئەمری واقیع ڕێگا لە دادگاکان دەگرن لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکەن (ڕێکخراوی ستۆپ، ٢٠١٩). دامەزراوە فەرمییەکانی کوردستان هەر یەکەیان لە ئاستی خۆیەوە پێویستە سیاسەتی زیرۆ تۆلێرانس بۆ شەڕی گەندەڵی بگرنەبەر و کاتێک دادگا لە پرسەکانی گەندەڵیدا بانگیان دەکات هیچ کەس و گرووپ و لایەنێک پارێزبەندی نەبێ. لە ماوەی ڕابردوودا

ڕاپۆرتەکانی میدیا و بەدواداچوونەکانی پارلەمانتاران و تەنانەت ڕاپۆرتەکانی دەستەی دەسپاکیش باس لەوە دەکەن کە ڕیزپەڕکردنی خەڵک و تەنانەت لێخۆشبوونیش هەبووە (دەستەی دەسپاکی، ٢٠١٨)، لە کاتێکدا گەندەڵی تاوانی بەفیڕۆدانی سامانی گشتییە و نابێ هیچ کەسێک دەسەڵاتی ئەوەی هەبێ لەو تاوانە خۆش ببێ. سیاسەتی جێبەجێکردنی یاسا بەسەر هەمووان و کەمی پارێزبەندی یاسایی و سیاسی و لە کەس خۆش نەبوون دەبێتە بەربەستێکی گەورە بۆ زیادبوونی تاوانی گەندەڵی.

## ١- کێشەی دامەزراوەیی

لە هەرێمی کوردستاندا هێشتا دامەزراوە دەوڵەتییەکان وەکو پێویست پتەونەبوون. هێشتا دەسەڵاتی دەرەوەی ئەو دامەزراوانە جا حزبی سیاسی بن یان گرووپی کۆمەلایەتی بوونیان هەیە و کاریگەرییان بەسەر پرۆسەکانی بڕیاردا هەیە. ئەم گرووپانە دەتوانن فشار بکەن و پرسەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی پەک بخەن. لەناو دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا سیستەمی لێپرسینەوە و بەدواداچوون لاواز بووە و دامەزراوەکان نەیانتوانیوە بەرگری لە خۆیان و سامانی گشتی بکەن. بەبێ پاڵپشتیی دامەزراوەیی، دەستەی دەسپاکی وەکو یەکێک لە دامەزراوە گرنگەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی ناتوانێ کارەکانی ئەنجام بدات. بۆ نموونە ئەو دەستەیە تا ئێستا لێکۆڵەری پێویستی نییە بۆ لێکۆڵینەوە لە کەیسەکانی گەندەڵی و تەنیا ١٣ لێکۆڵەریان هەیە لە کاتێک زیاتر لە ٨٠٠،٠٠٠ فەرمانبەر لە کەرتی گشتیدا هەن (ڕێکخراوی ستۆپ، ٢٠١٩، ل.٥). دادگاکان وەکو پێویست ناتوانن کەیسەکان یەکلابکەنەوە و دادوەری پێویست بۆ ئەم مەبەستە نییە (دەستەی دەسپاکی، ٢٠١٨) و داوا دەکرێ کە دادگایەکی تایبەت بە کەیسەکانی گەندەڵی دروست بکرێ (ڕێکخراوی ستۆپ، ٢٠١٩، ل. ٦). دەزگای داواکاری گشتی وەکو یەکێک

له دەزگا گرنگەکانی ناو پرۆسەکانی چاودێری بە دەست کۆمەڵێک کێشەی بونیادی یاسایی و دامەزراوەیی دەناڵێنێ (ڕێکخراوی ستۆپ، ٢٠١٨، ڕێکخراوی ستۆپ، ٢٠١٩). کەواتە چاکسازییەکی دامەزراوەیی گرنگ پێویستە کە دامەزراوەکانی دەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی چالاک بکات و پێداویستییەکانیان دابینبکات.

## ٢- کێشەی جێبەجێکردنی یاسا

پارلەمانی کوردستان لە تەمەنی خۆیدا ژمارەیەکی زۆر یاسای گرنگی دەرچواندووە. بەڵام بەشێک لەو یاسا گرنگانەی پەیوەستن بە چاکسازی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی جێبەجێ نەکراون یان کێشەی گەورە لە بەردەم جێبەجێکردنیاندا هەیە. بۆ نموونە یاسا گرنگەکانی وەکو یاسای نەوت و گاز ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ کە بوارێکی گرنگ بۆ شەفافیەت لە داهاتی سامانە سروشتییەکان دێنێتە کایەوە، جێبەجێ نەکراوە (ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان- عێراق، ٢٠٠٧)؛ یاسای ئەنجومەنی گشتیی ڕاژە ژمارە ٧ی ساڵی ٢٠١١ جێبەجێ نەکراوە، کە دەبێتە هۆی ڕێکخستنەوەی پەیکەری کەرتی گشتی و چارەسەرکردنی بەشێکی زۆر لەو کێشە و گەندەڵییانەی بەهۆی نەبوونی سیستەمێکی دروستی دامەزراندن و پلەپێدان و پلەبەرزکردنەوە لە ماوەی ڕابردوو ڕوویداوە (پەرلەمانی کوردستان- عێراق، ٢٠١١)؛ یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠١٣ جێبەجێ نەکراوە، کە بوارێکی گەورە بۆ شەفافیەت دەرەخسێنێ (پەرلەمانی کوردستان- عێراق، ٢٠١٣ب)؛ یاسای کێبڕکێ و قەدەغەکردنی قۆرخکاریی ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١٣ جێبەجێ نەکراوە، کە بوارێکی باش بۆ یەکسانی و دادپەروەری لە ڕەخساندنی کار و دەرفەتی بازرگانی و سنووردانان بۆ قۆرخکاری و هەژموونی سیاسی بەسەر بازاڕدا (پەرلەمانی کوردستان-

عێـراق، ٢٠١٣أ). ئەم یاسـایانە لە گرنگتـرین ئەو یاسـایانەن کە زەمیـنەی گونجـاو بۆ شـەڕی گەندەڵی و دەسـتپێکردنی چاکسـازی دەهێننە کـایەوە کەچی جێبەجێ نەکراون. بەم جۆرە جێبەجێنەکردنی یاسـاکان یەکێکن لە بەربەسـتە گەورەکـانی بەردەم ئیرادەیەکـی سیاسـیی کـارا بـۆ شـەڕی گەندەڵی. پارلەمانی کوردستان پێویستە خاوەندارێتی لە یاساکانی بکات و وەکو یەکێک لە ئەرکەکانی کە چاودێریکردنی حکومەت و لێپرسینەوەیە، بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی یاساکانی بکات.

**ئەنجامەکان:**

ئەم توێژینەوەیە لە پرسی ئیرادەی سیاسی و پەیوەندی بە پرۆسـەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بەگشتی و بە تایبەت لە هەرێمی کوردستان-عێراق لە دوای ٢٠١٤ی کۆڵیوەتەوە و بەم دەرەنجامانە گەیشتووە:

- ئیرادەی سیاسی پرۆسەیەکی گشتگیری فرەڕەهەندە و پەیوەستە بە پلان و بەرنـامەیەکی ڕوونـی دامەزراوە جۆراوجۆرە فەرمـی و سیاسـی و مەدەنییەکـان بـۆ بەرەنگـاربوونەوەی گەنـدەڵی، کە پێویسـتە لە کـرداری دامەزراوەکـانیش ڕەنگبـداتەوە. ئیـرادەی سیاسـی وەکـو یەکێـک لە مەرجە سـەرەکییەکانی سـەرکەوتنی پرۆسەی شەڕکردن لەگەڵ گەندەڵی ناسێندراوە.

- لە هەرێمـی کوردسـتاندا، گەنـدەڵی بـۆتە مەترسـییەکی گەورە کە دامەزراوە فەرمییەکـانیش درکیـان پـێ کـردووە و بە ڕێگـای جۆراوجـۆر هەوڵـی ناسـاند و بەرەنگاربوونەوەیـان داوە. لە دوای ٢٠١١ ئەم پرۆسـەیە چـۆتە قۆنـاغێکی جیـاوازەوە کە ژمـارەیەک یاسـای گرنـگ و ڕێنمـایی دەرچـوون، دامەزراوەی نـوێی وەکـو

دەستەی دەسپاکی دامەزراون و دەستیان بە کارکردووە، تەنانەت ستراتیژیی نیشتیمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی ڕاگەیەندراوە.

- لە ڕووی تیۆرییەوە هەنگاوەکان جێی هەڵوەستەن بەڵام لە ڕووی پراکتیکییەوە کەمتر هەنگاوی بەرجەستە بینراون. بەربەستی جۆراوجۆر لە بەردەم ئەم پڕۆسەیە هەن لەوانە جێبەجێنەکردنی یاسا گرنگەکان کە بۆ ئەم مەبەستە دەرچوون، هەروەها لاوازیی پاڵپشتیی دامەزراوەیی و دەستێوەردان و پاڵپشتینەکردنی حزبە سیاسییەکان لە پڕۆسەی چاکسازی.

**توێژینەوە ئەم پێشنیارانەی خوارەوە دەکات:**

- بۆ ئەوەی هەنگاوێکی گرنگ لە شەڕی گەندەڵی بچینە پێشەوە و ئیرادەی سیاسیی بەهێز بۆ ئەم پڕۆسەیە پێشانبدرێ، گرنگە کە هاوپەیمانێتی و هاوبەشی لە نێوان دامەزراوەکان دروست ببێ کە پشتگیری ئەم پڕۆسەیە بکەن و ببنە بەشێکی کارا لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.

- پێویستە حکومەتی کوردستان سیاسەتی زیرۆ تۆلێرانس پەیڕەو بکات دژی هەموو ئەو کەس و گروپانەی گەندەڵی دەکەن. ئەمەش بۆ ئەوەی کەس لە دەرەوەی یاسا نەبێ و پارێزبەندیی یاسایی و سیاسی بۆ هیچ کەسێک نەبێ کە دەسەڵات و سەروەتی گشتی بەفیڕۆ دەدات.

- پێویستە ئەو یاسایانەی لە ماوەی ڕابردوودا بۆ چاکسازی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دەرچوون و لەم توێژینەوەیە ئاماژەیان بۆ کراوە، جێبەجێ بکرێن و لە کوێ پێویستییان بە هەموارکردن هەبێ، پرۆژەی بۆ ئامادە بکرێ تا پارلەمانی کوردستان ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات.

- پێداچوونەوە بە ستراتیژیی ڕاگەیەندراوی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان بکرێ و بە جۆرێک دابڕێژرێتەوە کە چوارچێوەیەکی ڕوونی هەبێ بۆ هەڵسەنگاندنی توانای دامەزراوەکان و ڕۆڵ و پێگەیان لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.

## سەرچاوەکان:

### یەکەم: سەرچاوەی کوردی


- ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان- عێراق، ٢٠٠٧. یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی عێراق. لەسەر سایتی پارلەمانی کوردستان لەم لینکە بەردەستە:
- https://www.parliament.krd/media/2379/یاسای-ژمارە-٢٢-ی-ساڵی-٢٠٠٧یاسای-نە-وت-و-گازی-هە-رێمی-کوردستانی-ـ-عێراق.pdf ڕۆژی سەردانی کردن ٢٠٢٠/١/١٠.
- بەرنامەی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لە سەر سایتی فەرمی حکومەت بەردەستە لەم لینکە: https://gov.krd/government/agenda/ ڕۆژی سەردانی کردن ٢٠٢٠/١/١٠.
- پەرلەمانی کوردستان- عێراق، ٢٠١١. یاسای ژمارە ٧ی ساڵی ٢٠١١ یاسای ئەنجومەنی گشتی ڕاژە لە هەرێمی کوردستان- عێراق. لەسەر سایتی پەرلەمانی کوردستان لەم لینکە بەردەستە:
- https://www.parliament.krd/media/2315/یاسای-ژمارە-٧-ی-ساڵی-٢٠١١-یاسای-ئە-نجومە-نی-گشتی-ڕاژە-لە-هە-رێمی-کوردستان-ـ-عێراق.pdf ڕۆژی سەردانی کردن ٢٠٢٠/١/١٥.
- پەرلەمانی کوردستان- عێراق، ٢٠١٣أ. یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١٣، یاسای کێبڕکێ و قەدەغەکردنی قۆرخکاریی لە هەرێمی

کوردستان- عێراق. لەسەر سایتی پەرلەمانی کوردستان لەم لینکە بەردەستە:

- https://www.parliament.krd/media/2015/یاسای-ژمارە-٣-ی-ساڵی-٢٠١٣-یاسای-کێبرکێی-و-قەدەغەکردنی-قۆرە-خکاریی-لە-هەرێمی-کوردستان-عێراق-یاسای-ژمارە-٥-ی-ساڵی-٢٠١٣.pdf ڕۆژی سەردانی کردن ٢٠٢٠/١/٢٠..

- پەرلەمانی کوردستان- عێراق، ٢٠١٣ب. یاسای ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠١٣، یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان- عێراق. لەسەر سایتی پەرلەمانی کوردستان لەم لینکە بەردەستە:

- https://www.parliament.krd/media/2021/یاسای-ژمارە-١١-ی-ساڵی-٢٠١٣-یاسای-مافی-دەسکەوتنی-زانیاری-لە-هەرێمی-کوردستان-ـ-عێراق.pdf ڕۆژی سەردانی کردن ٢٠٢٠/١/٢٠.

- پارلەمانی کوردستان، ٢٠١٤. یاسای ژمارە٧ ی ساڵی ٢٠١٤، یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتی دەسپاکیی لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١١. لەسەر سایتی پەرلەمانی کوردستان لەم لینکە بەردەستە:

- https://www.parliament.krd/media/1996/یاسای-ژمارە-٧-ی-ساڵی-٢٠١٤-یاسای-هەمواری-یەکەمی-یاسای-دەستەی-گشتیی-دەسپاکیی-لە-هەرێمی-کوردستان-ـ-عێراق-ژمارە-٣-ی-ساڵی-٢٠١١.pdf ڕۆژی سەردانی کردن ٢٠٢٠/١/٣.

- دەستەی دەسپاکی، ٢٠١٤. ڕاپۆرتی ساڵانە.
- دەستەی دەسپاکی، ٢٠١٨. ڕاپۆرتی ساڵانە.
- دیداری تایبەت لە گەڵ پارلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان عەلی حەمە ساڵح لەبارەی بودجە و موچە، ڕۆژی ئەنجامدانی بە ئۆنلاین ٢٠١٩/١٢/٢٣.
- ڕێکخراوی ستۆپ، ٢٠١٨. "بەرەو بەهێزترکردنی ڕۆڵی دەزگای داواکاری گشتی". بڵاوکراوەی ڕێکخراوی ستۆپ زنجیرەی ١٥. هەولێر.
- ڕێکخراوی ستۆپ، ٢٠١٩. "نەخشەڕێی چاکسازی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان". بڵاوکراوەی ڕێکخراوی ستۆپ، زنجیرە ٢١: هەولێر.
- سایتی سبەی، ٢٠١١. "کوردستان بەرەو گۆڕان". دۆسیەکی تایبەت بە خۆپیشاندەکانی سلێمانی و شارەکانی دیکە. بڵاوکراوەتەوە لە ١٩ی شوباتی ٢٠١١. بەردەستە لە ئەرشیفی سایتی سبەی لەسەر ئەم لینکە:
- https://archive.sbeiy.com/ku/Dosya_Rozhnama_Article.aspx?CatID=21&Cat=dosya
- ڕۆژی سەردانی کردن ٢٠٢٠/١/١٠.

- سایتی سبەی، ٢٠١١. لە چاوەڕوانی بڕیارەکانی سەرۆکی هەرێمدا؟! ڕاپۆرتێک لە سایتی سبەی. بڵاو کراوەتەوە لە ٨ی سێپتێمبەری ٢٠١١. لە ئەرشیفی سایتی سبەی بەردەستە لەم لینکە:
- https://archive.sbeiy.com/ku/Inter_Report_Detail.aspx?id=613&cat=1&title=1 ڕۆژی سەردانی کردن ٢٠٢٠/١/١٠.
- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠١١. "بەیاننامەیەک لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە سەبارەت بە قۆناغی یەکەمی بەرنامەی بەرێزیان بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی چاکسازیی". ئەرشیفی سایتی سەرۆکایەتی هەرێم. بەیاننامەکە لەسەر ئەم لینکە بەردەستە:
- http://krp.org/kurdish/articledisplay.aspx?id=qMR=Epy1qKPo ڕۆژی سەردانی کردن ٢٠٢٠/١/١٢.
- وەقائیعی کوردستان، ٢٠١٦. ژمارە ٢٠٤سالی شازدەیەم. دەرچووە لە ٨ی تشرینی دووەمی ٢٠١٦.
- وەقائیعی کوردستان، ٢٠١٧أ. بڕیاری ژمارە ١٠٨ی ساڵی ٢٠١٧: ستراتیژی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان ساڵی ٢٠١٧ تا ساڵی ٢٠٢١. ژمارە ٢١١، ل.١-١٧.
- وەقائیعی کوردستان، ٢٠١٧ب. فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران. ژمارە ٢٩١، ل. ٢٥-٢٦.

## دووەم: سەرچاوەی  ئینگلیزی


- Ala'Aldeen, D.A. 2013. Nation Building and the system of self-governance in Kurdistan Region (in Kurdish). Erbil: Aras.

- Bhargava, Vinay (2005). The Cancer of Corruption. World Bank Global Issues Seminar Series.

- Bozzini, Alessandro (2013). Successes and limitations of a top-down approach to governance: the case of anti-corruption in Rwanda. ISPI Analysis. No. 164.

- Cambridge Dictionary, n.d. actions speak louder than words. Available online at: https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/actions-speak-louder-than-words

- CAVILL, S. and SOHAIL, M., 2007.Accountability arrangements to

- combat corruption: Literature review. Loughborough: WEDC, Loughborough

- University.

- Council of Europe (2013). Designing and Implementing Anti-corruption Policies (Handbook).

- Duru, Onyekachi. (2012). The Relationship between the Elite Theory of Politics and the Concept of Liberal Democracy. Available online at: SSRN: https://ssrn.com/abstract=2147363 or http://dx.doi.org/10.2139/ssrn.2147363

- EIB, 2018. International Anti-Corruption Conference 2018 in Copenhagen. Anti-Corruption Statement of the European Investment Bank. Available online at: https://www.eib.org/attachments/documents/anti-corruption-statement-of-eib-en.pdf

- Eriksen, Birthe and Soreide, Tina (2016). Norway's role in petroleum-related corruption Internationally. In: Philippe Le Billon and Aled William: Corruption, Natural Resources and Development: From Resource Curse to Political Ecology. Edw.Elgar. 2017.

- Gobel, Christian (2004). "Beheading the Hydra: Combating Political Corruption and Organized Crime," *China Perspectives*, *56*: 1-17.

- Hamilton, Alexander and Hammer, Craig (2018). Can We Measure the Power of the Grabbing Hand? A Comparative Analysis of Different Indicators of Corruption. World Bank Group: Policy Research Working Paper 8299.

- Jameel, Hemn Namiq (2017). A case study of Political Corruption in Conflict-Affected Societies (The Kurdistan Region of Iraq 2003-13). PhD Thesis, University of Leicester, England.

- Jameel, Hemn Namiq (2018a). Bin Diwar, Fazaee (Iraq and the Kurdistan Region of Iraq). An entry published by Global Informality Project supervised by Alena Ledeneva at University College London. Available online at:

- http://www.informality.com/wiki/index.php?title=Bin_Diwar,_Fazaee_(Iraq_and_the_Kurdistan_Region_of_Iraq)__ Accessed 20th of January 2020.

- Jameel, Hemn Namiq (2018b). Tazkia. In: Alena Ledeneva (editor). Global Encyclopaedia of Informality. Volume 2. London: UCL. Pp.370-373.

- Jedinia, Mehdi and Kajjo, Sirwan (2019). Soleimani: Mastermind of Iran's Mideast Expansion. VOA. Available at:

- https://www.voanews.com/extremism-watch/soleimani-mastermind-irans-mideast-expansion

- Kim Kah Hwee, Nicholas (2016) Singapore's experience in the fight against corruption.

- Kukutschka, Roberto Martinez (2014). Building Political Will: Topic Guide. Transparency International.

- Kukutschka, Roberto Martinez B. (2018). Anti-Corruption strategies for authoritarian states. U4 Anti-Corruption Resource Centre: U4 Helpdesk Answer 2018:7.

- Kuris, Gabriel (2013) an interview with Bertrand de Speville. Innovations for successful societies. Princeton University: New Jersey.

- KWOK Man-Wai, Tony (2013). Effective investigation of corruption cases: The Hong Kong Experience. In: UNAFEI, 2014. Enhancing investigative ability in corruption cases. Kuala Lampur, Malaysia.

- Leung, Elis (2018). Success factors for smashing corruption and new approaches to sustain probity culture in Hong Kong. Participants' Papers. In: UNAFEI. Annual Report For 2017 and Resource Material Series No. 105

- Liam, Ang Seow (2013). The Singapore experience – Corruption control system and effective enforcement methods. In UNAFEI, 2014. Enhancing investigative ability in corruption cases. Kuala Lampur, Malaysia.

- Munhoz, Carolina Pancotto Bohrer (2008) "Corruption in the Eyes of the World Bank: Implications for the Institution's Policies and Developing Countries," *Penn State International Law Review*: Vol. 26: No. 3, Article 8.

- NDI, 2018. Parliamentary Elections: A New Turning Point for Iraq. Public-Facing Report. Available online at: https://www.ndi.org/sites/default/files/NDI%20Poll%20-%20Feb-April%202018%20%28English%29.pdf Accessed 24th of January 2020.

- OECD (2012). Reinforcing Political Will to Fight Corruption in Eastern Europe and Central Asia. Paris.

- Quah, Jon S. T. (2015) The Critical Importance of Political Will in Combating Corruption in Asian Countries. HKPAA Public Administration and Policy: An Asia-Pacific Journal 18.2:12-23.

- Senior, Ian (2006). *Corruption the World's Big C: Cases, Causes, Consequences, Cures*. London: Institute of Economic Affairs.

- Staff, Toi (2019). Iran said working to keep embattled Iraqi PM in power amid growing protests. The Times of Israel. Available at:

- https://www.timesofisrael.com/iran-said-working-to-keep-embattled-iraqi-pm-in-power-amid-growing-protests/ Accessed 24th of January 2020.

- WFD, 2017. Kurdistan Regional Government unveils inclusive anti-corruption strategy. Available at: https://www.wfd.org/2017/04/26/inclusive-anti-corruption-strategy-kurdistan/ Published date 26th of April 2017. Accessed 19th of January 2020.

- U4 Brief (2010). Unpacking the concept of political will to confront corruption. CMI Chr. Michelsen Institute: Bergen.

- Ugoani, John N. N. (2016). Political will and anticorruption crusade management in Nigeria. Independent Journal of Management & Production. 7 (1) pp.72-97.

- UNDP, 2008. Tackling Corruption, Transforming Lives: Accelerating Human Development in Asia and the Pacific. Macmillan: Colombo.

**سێیەم: سەرچاوەی عەرەبی**

- الشمري، محمد (٢٠١٨). بحضرة قاسم سليماني.. ترتيب المشهد الجديد بالعراق. الجزيرة، تقارير و حوارات. متاح على شبكة الانترنيت: https://www.aljazeera.net/news/reportsandinterviews/2018/5/16/ترتيب-المشهد-الجديد-بالعراق-مشاورات-بحضرة-سليماني

- الفطافطة، محمود (٢٠١٥). عرض كتاب الفساد السياسي في الوطن العربي، الجزيرة. متاحة على: https://www.aljazeera.net/knowledgegate/books/2015/1/19/الفساد-السياسي-في-الوطن-العربي
- المقدادي، ابراهيم (٢٠١٨). موسوعة ايران و التشيع السياسي. دبي: مركز المزماة للدراسات و البحوث.

**Abstract:**

This research studies political will and how it links to the process of fighting corruption focusing on the case of Kurdistan region of Iraq after 2014. It argues that political will is a collective responsibility that formal, political and civil institutions have to shoulder, and it should be reflected in their programs and their actions. Although several significant steps have been taken in Kurdistan after 2011 to fight corruption such as issuing new laws and regulations, and establishing new institutions, i.e. the Integrity Commission, tangible actions still need to be seen. This research utilises analytical approach to understand and deal with corruption and the qualitative data is collected and used to support its arguments.

**ملخص:**

يهدف هذا البحث إلى دراسة الإرادة السياسية وكيفية ارتباطها بعملية مكافحة الفساد بالتركيز على حالة إقليم كوردستان العراق بعد عام ٢٠١٤. وتكمن مشكلة البحث في أن مفهوم الإرادة السياسية يعني مسؤولية جماعية التى تجب على المؤسسات الرسمية والسياسية والمدنية تحملها، وعلى الرغم من اتخاذ العديد من الخطوات المهمة في كوردستان بعد عام ٢٠١١ كسن وإصدار قوانين ولوائح جديدة، وإنشاء مؤسسات جديدة مثل مفوضية النزاهة؛ لمكافحة الفساد ومعالجه، بيد أنه لا تزال هناك حاجة إلى اتخاذ إجراءات ملموسة. وقد اعتمد الباحث على المنهج التحليلي، وكذلك المنهج النوعي لدراسة مفردات بحثه. وأهم النتائج التي توصل البحث إليها هي بيان الإجراءات.